# بریارنامەی کۆنگرەی دەهەمی کۆمەڵە سەبارەت بە ڕێکخراوەی جەماوەری کرێکاران لە کوردستان

**١ـ بە سەرنج دان بەو ڕاستی‌یانەی کە :**

**الف:** خۆپیشاندان و مان گرتنی کرێکاری و بزوتنەوەی ئازادیخوازانە لە ئێران لە هەر لایەکەوە ڕژیمی ئیسلامی خستووتە ژێر زەختەوە و ئەم بارودۆخەش کەش و هەوایەکی تا ڕادەیەك کراوەتری لە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا، لە هەموو ئێران بەسەر ڕژیم دا سەپاندوە. خەباتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەت لە کوردستانیش لەناو جەرگەی ئەم ڕەوتەدا، لە ئارادایە.

**ب:** لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا و بە تایبەت لە ناو خەباتی کرێکارانی کورەخانەکان دا، خەبات بۆ بەرێوەبردنی مەراسیمی ئەوەڵی مانگی مەی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکان دا، کومەلێك لە پێشرەوان و هەڵسووراوانی کرێکاری و سوسیالیست و لایەنگرانی ئازادی و بەرابەری پەروەردە بوون کە جێگای متمانەی جەماوەری کرێکارانن و ئاستی توانایی و ئەزمونیان لە ڕێکخستنی خەباتی کرێکاری و لە پێك هێنانی ڕێکخراوەی کرێکاری‌دا، لە سەرەوەیە.

**ج:** جەماوەری کرێکارانی کوردستان لە ڕەوتی خەباتی خۆیاندا ئەو ڕاستی‌یەیان بۆ دەرکەوتۆە کە هەر جۆرە بەرەوپێش چوون و سەقامگیرکردنی دەسکەوتەکانیان بە بێ پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاری مسۆگەر نابێت.

هەل و مەرجی بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوەی کرێکاران لە کوردستان لەبارە و پێویستە پێشرەوان و هەڵسووراوانی کرێکاری ڕاستەوخۆ بۆ پێك هێنانی ڕێکخراوە پیشەیی‌کانی خۆیان دەست بەکار بن و جەماوەری کرێکاران بانگەواز بکەن بەو ڕێکخراوانە پەیوەست بن.

٢- بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستی‌یە کە کرێکارانی کوردستان لە کارگا و ناوەندەکانی چکولەی بەرهەم هێنان دا وەکوو فەرش چنین، فلزکاری، کارگاکانی بیناسازی، کورەخانەکان، نانەواخانەکان، دایرەکانی ئاو و بەرق، سەدەکان و ناوەندەکانی خزمەتگوزاری‌دا، پرژ و بلاون، گونجاوترین شێوەی پێکهێنانی، ئیتحادیە کرێکاری‌یەکانە، کە کرێکارانی بێکار و لەسەرکار بگرنە خۆ. ئەم ڕێکخراوانە لە ڕەوتی

پێشکەوتنی خۆیاندا دەتوانن لە "فیدراسیونی سەراسەری ئیتحادیەی کرێکارانی کوردستاندا" یەك بگرن.

خالێکی گرێنگ هەر لەسەرەتای دامەزرانی ئەم رێکخراوانە، بریتی‌یە لە پشت بەستنی ئەوان بە ئیرادەی بە کۆمەڵی کرێکاران لە رێگای بەشداری‌کردنیان لە بریاردان و لە هەڵبژاردنی نوێنەران و یا لابردنی ئەوان لە هەر کاتێکدا کە بە پێویستی بزانن. پێك هێنانی کۆبوونەوەی گشتی ریك و پێك، ریگای بەرێوەبردنی ئەم شێوە کارەیە.

٣ــ کەش و هەوای سیاسی کوردستان بە جۆریکە کە بەشێوەیەکی خورسکی کرێکاران بەرەو وەری‌خستنی ئاکسیون و بەرەو روو بونەوەی نابەوەخت لەگەڵ دەولەت دەبات. هەر بۆیە ئیمە سەرنجی هەلسوراوان و پێشرەوانی کرێکاری، بەرەو ئەوە رادەکێشین کە بەر لە هەموو شتێك گرینگ ئەوەیە کە یەکگرتوویی جەماوەری کرێکاران لە دەوری ئەو دروشم و داخوازیانەی کە بەرز کراونەتەوە بپارێزرێ.

٤ ــ داخوازی کرێکارانی کوردستان چوارچیوەیەکی ناوچەییان نی‌یە. بێکاری، حەقدەستی کەم، حەقدەستی راگیراو و نەدراو، ساعەت کاری درێژ و تاقەت پرۆکێن، قەدەغەبوونی مانگرتن و نەبوونی ئازادی پێکهێنانی رێکخراوە و زۆر ویستی‌تر هیچکامیان تایبەت بە کرێکارانی کوردستان نین بەڵکوو رێك هەر ئەو داخوازیانەن کە کرێکاران لە هەموو ئیران خەباتی بۆ دەکەن هەر بۆیە پیویستە، کرێکارانی پیشرەو رێگای هاوخەباتی بۆ بەهیزتر کردنی هاوپشتی کرێکاری لە نیوان ریکخراوە سەراسەری‌یەکان و ریکخراوەکانی ناوچەیی خۆیان بدۆزنەوە.